کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-8-2007 1:06

**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا ... وەرگێرانی: دڵشاد موحەممەد**

dlshadm@maktoob. com

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی مەدەنی وشارستانیدا چەندین ئەرکی دیارو ئاشکرایان هەیە، یەکێك لەو ئەرکانە بریتییە لە ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوە، جا بۆ ئەوەی هاوڵاتییان بڕیار و هەڵوێستی حەکیمانە لەمەڕ سیاسەتی گشتی وەربگرن، پێویستە لە کاتی دیاریکراو و گونجاودا مەعلومات و زانیاری دروستیان پێبگات و زانیارییەکانیش دوور بن لە لایەنگیری، بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەکانیش، مرۆڤ پێویستی بە تواناداری وئاگاداری و بەدواداچوونی زیاتر هەیە سەبارەت بە ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان لەمەڕ مەسەلە گرنگ و هەنووکەییەکان، ئەرکی سەرشانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیشە کە تیشك بخەنە سەر باس وخواس و مەسەلە هەستیارەکان و بڕیاری ئەوە بدەن کام مەسەلانە جێگەی باس و بەدواداچوونە و کامانەش شیاوی گرنگی پێدان و بەدواداچوون نییە و مایەی خۆپێوە سەرقاڵکردن نییە، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە بڕیارانە کاریگەری و ڕۆڵی خۆی دەبێت بۆ سەر مەفهوم و تێگەیشتنی جەماوەر لە ماهیەت و حەقیقەتی مەسەلە گرنگ و گرنگترەکان.

هەرچەندە لە توانای هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا نییە بەدواداچوون بۆ هەواڵی هەموو ڕووداو و باسێك بکات، بەڵام پێویستە لەسەری ئەو مەسەلانە دیاری بکات کە پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە وگرنگی پێدەدات، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەتوانێت بەڕۆڵی زۆر کاریگەری خۆی هەستێت لە ڕێگەی گفتوگۆی گشتییەوە، دەتوانێت لەڕێگەی سەرنج و تێبینی و لێکۆڵینەوەکانییەوە ببێتە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش بۆ خەڵکی بەمەستی پاڵپشتیکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو یان چاکسازییەکی گونجاو کە پراکتیزەکردنی بە پێویست دەزانێت، هەروەها دەتوانێت ببێتە دەروازە و بڵندگۆیەك بۆ ڕێکخراو و تاکەکان تاوەکو لە ڕێگەی ئەوەوە بە نامە و بڵاوکردنەوەی وتار و سەرنج و پێشنیاز، بیروڕاو بۆچوونە جیاوازەکانیان بۆ توێژ و چینە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگە بخەنە ڕوو.

ئەرکێکی تری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەوەیە وەك چاودێرێك بەسەر حکومەت و دامودەزگاو دامەزراوەکانەوە کاربکات، دەتوانێت پەردە لەسەر هەموو ئەو کەمتەرخەمی و هەڵە وپەڵە وگەندەڵی و پێشێلکاری مافی مرۆڤ و سەرپێچییە یاساییانە هەڵماڵێت کە ئەنجامی دەدەن، هەروەها دەتوانێت لیپێچینەوە لە بەرپرسان بکات و موحاسەبەیان بکات لەسەر هەڵسوکەوتەکانیان.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ناتوانن بەئاسانی مەسەلە دیار و ئاشکراکان فەرامۆش بکەن و پشتگوێی بخەن، یاخود بە ویستی خۆیان هەڵیسوڕێنن وئەمسەر و ئەوسەری پێبکەن، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن مافی کێبڕکێ (منافسە) یان هەیە، هەروەك چۆن حکومەت ئازادی تەواوی هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بەلای ئەو مەسەلانەدا کە بە گرنگی دادەنێت، ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین شاخوێنبەری ژیانن لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا، وتووێژ و گفتوگۆ و دەنگدان، کۆبوونەوە و ڕێپێوان و مانگرتن، پەرستش و دابینکردنی دادگەری بۆ هەمووان، سەرجەمی ئەم کاروبارانە وەستاوە لەسەر هەبوونی ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین.

هاوڵاتیان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەشێوەیەك دەژین کە قەناعەت و متمانەی تەواویان بەوە هەیە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی ئازادانەی بیروڕاکانەوە، حەقیقەت و ڕاستی بەسەر ناحەقی و ناڕاستیدا سەردەکەوێت، هەروەها دەتوانرێت بەشێوەیەکی باشتر لە ڕاوبۆچوونی کەسانی تر بگەیت و بەشێوەیەکی باشتر بوارەکانی لێك تێگەیشتن دیاری بکرێت، دەرچەیەکیشە بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێش چوون، چەندێکیش ئەم ئاڵوگۆڕە زیادبکات و برەو بسێنێت هێندە ئەویش باشتر دەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org



(ئی بی وایت) نووسەری ئەمریکی دەڵێت "رۆژنامەوانی لە وڵاتی ئێمەدا بریتییە لەو رۆژنامەوانییەی جێی متمانەیە و سوودبەخشە، نەك بەهۆی سروشتی پاك و جوانی خۆیەوە، بەڵکو بەهۆی هەمەرەنگییە گەورەکەیەوە، بۆیە مادام ژمارەیەکی زۆر خاوەنی دەزگای رۆژنامەگەری هەیە و هەموویان هەوڵدەدەن بۆ روونکردنەوە و خستنە رووی ئەو شتانەی بە راستی دەزانێت، ئێمەی گەل هەل و فرسەتی باشترمان بۆ دەرەخسێت بۆ ئاشنابوون بە حەقیقەت و دەربازبوون لە تاریکی، وە لە زۆری ژمارەدا سەلامەتی بەدی دێت".

لەکۆتاییدا، هەبوونی هۆکاری راگەیاندنی ئازاد بەڵگەیە لەسەر هەبوونی چاودێرییەکی دروست بەسەر ناوەندەکانی دەسەڵات و پارێزگاری کردن لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و رووناك و پر لە رۆشنایی، پێویستە لەسەر هەموو رۆژنامەنووسان لە هەر شوێنێکدا هەن، رۆڵی زیندوو کارای خۆیان ببینن کە لە پێدانی زانیاری و مەعلومات بە جەماوەر خۆی دەبینێتەوە، بەڵام پێویستە لەکاتی مومارەسەکردن وئەنجامدانی پیشەکەیاندا، کارەکەیان ملکەچی پێوەرە رژێمی و یاساییەکان بکەن، دووربن لە هەموو بەرژەوەندییەکی شەخسی وتایبەت، پشت ببەستن بە بەڵگەی نەگۆر و دۆکیومێنت، رۆژنامەوانان تەنها بەم رێگەیە دەتوانن بەشێوەیەکی ئەخلاقیانە و بەرپرسیارانە و بنیاتنەرانە خزمەت بە کۆمەڵگەکەیان بگەیەنن...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.